# کۆنینەناسی - شوێنەوارناسی

سەفەرێک بە نێو مێژووی مرۆڤایەتیدا




نووسین و وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە : نادر فەتحی (شوانە)



جۆزەردانی ساڵی ٢٠٢٤ی زایینی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

redaktion@rojhalat.de

# پێرست

پێشەکی وەرگێڕ........................................................................ ٣
داب و نەریت، مرۆڤ و شێوازەکان.............................................................. ٥
دۆزینەوە، تەوەرە گرنگەکان و مشتومڕی گەرموگوڕ ......................................... ١٠
زانستە سروشتییەکان جیهانبینی مرۆڤ دەگۆڕن............................................. ١٤
شوێنەوارناسی لە بواری ململانێی جیهانبینی جیاواز ......................................... ٢١
سەردەمی سەرەتایی مرۆڤ - لە گیاخۆرییەوە بۆ ڕاوی ئاژەڵ................................ ٢٧
کۆنترین کەرەسە و ئامرازەکان..................................................................... ٣١

## پێشەکی وەرگێڕ

ئەو زانیارییانەی ئیمە لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی هەمانە، هەر هەموویان دەگەڕێنەوە سەر زانستی کۆنەناسی. کۆنەناسان بەهۆی پشکنینی ئاسەوارە کۆنەکان، گوند و شار و گۆڕی پێشینیان و هەروەها کەرەسەی بە جێماو لەو مرۆڤانە دەتوانن ڕووناکی بخەنە سەر چۆنیەتی ژیانی باو و باپیرانمان. ئەگەر بمانەوێ وێنەیەکی ڕاستەقینە لە ژیانی ڕابردووی مرۆڤی پێش خۆمان بکێشینەوە بە بێ یارمەتی زانستی کۆنەناسی کارەکەمان بەڕێوە ناچێ. جیهانی سینەمایی هالیوود لەسەر تەوەری کۆنەناسی گەلێك ڕووداوی خوڵقاندووە کە کۆنەناس لەبەر چاوی مرۆڤ وەك مرۆڤێکی کز و لاواز بە چاویلکەیەکی خڕ و سەر و زوڵفێکی پرژ و بڵاو وێنا دەکا. "ئیندیانا جۆنز" یەك لە زنجیرە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارەیە. فیلمی"جۆراسیك پارك" نیشانی دەدا کە پشکنین لەسەر دایناسۆرەکان ئەرکی کۆنە ناسانە. یا لە وڵاتی میسر ڕووداوێکی نهێنی لە زانستی کۆنەناسی دروست دەکرێ.

کۆنەناسی یەك لە سەرسووڕیهێنەرترین زانستەکانی جیهانە. ئەو بوارە بە ڕادەیەکی گەلێك زۆر پەیوەندی لەگەڵ مێژووی خەڵکەکانی جیهان هەیە. زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤ بە شێوەیەك لە شێوەکان تامەزرۆییان بۆ زانستی کۆنەناسی هەیە. ئەو زانستە زۆربەی پرسە گرنگەکان لەسەر چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ وەڵام دەداتەوە. بەردەوام ڕوانگەی سەیرکردنی ئەم جیهانە بەهۆی دۆزراوەی نوێی زانستی کۆنەناسیەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. لەم دواییانەدا بەهۆی دۆزینەوەی ئاسەواری کەونی چوار بنکەی سەرەکی لە موکریان کە بریتین لە زێویەی سەقز، قەڵایچیی بۆکان، ڕەبەتی سەردەشت و حەسەنلووی نەغەدە، مێژووی ئەو ناوچانە بۆ سەردەمی سەکا و ماناکان و ئورارتو لە هەزارەی دووەم و یەکەمی پێش زایین گەڕێنراوەتەوە.

نادر فەتحی (شوانە)

جۆزەردانی ساڵی ٢٠٢٤ی زایینی – ئاڵمان

## داب و نەریت، مرۆڤ و شێوازەکان

کۆنە ناسی و ڕووداوەکانی لەکویێ و کەنگێوە دەستیان پیکردووە - کۆنە ناسی چلۆن بۆتە زانست؟ سەیر ئەوەیە لە سەرانسەری وڵاتی ئاڵماندا بوارێك لە زانستگە بە ناوی کۆنەناسی بۆ خوێندن نییە. ووشەی کۆنەناسی بە مانای پشکنینی شتی کۆن و کات بەسەرداچووە. شتومەکی کەونی بەجێ ماو لە مرۆڤەکانی پێش ئێمە دەبێ لە پەیوەندایەتی لەگەڵ کۆنتێکستی فەرهەنگی، مێژوویی و جوغرافیاییدا سەیر بکرێ. بەڵام کۆنەناسی کلاسیکی "پێش ئاسیایی"، "ئینجیلی"، "ئیسلامی"، "چینی"، "ئەمریکای کۆن" و کۆنەناسی "زانستی سروشتی" و لەو دواییانەشدا کۆنەناسیی "سەدەکانی ناوەڕاست" و "سەردەمی نویێ"ش پێکهاتوون. بەردەوام پشکێنەرانی ئەو بوارە بە خائین بە فەرهەنگ، سەرچاوە و سەردەمی کاتیی تایبەتی ئەو خەڵکانە دادەنرێن چونکە زۆربەی دۆزراوەکان دژ بە بۆچوون و ئەفسانەی ئایینی دەوەستن.

ڕەسەنتەرین کۆنینەناسیی، کۆنینەناسیی مێژوویی یا مێژووی کەون و نوێیە. ئەو زانستە بە شوێنێکی تایبەتەوە

نەبەستراوەتەوە، باوەکوو بە شێوەی سیستماتیك لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی بەتایبەت لەسەر ئورووپا دەدوێ. مێژووناسان پشکنین دەکەن - دیارە لەسەر هەموو جیهان - مێژووی مرۆڤایەتی ئەو سەردەمەی یەکەم کەرەسەکانی ژیان دروست کراون، ئەو کارەی نیزیکەی ٢،٧ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێکردووە. پشکنینی مێژووی کەون باس لەسەر هەر قۆناخێکی کاتی دەکا، لەو سەردەمەوە کە هێشتا هیچ بەڵگەیەکی نووسراو بوونی نەبووە - ئەو هەزارانەی بە تەواویی ناسنامەیەکی ڕەش و تاریکیان هەبووە. مێژووی کەونی هەر سەردەمێك دەکرێتە مێژووی نوێ ئەگەر زانست خۆی بە سەرچاوە نووسراوەکانەوە هەڵواسێ. دوو بۆچوون لەو پەیوەندییەدا گەلێك گرنگایەتیان هەیە: **یەکەم،** سەرچاوە نووسراوەکان ناتوانن بە تەنیایی مێژوومان بۆ بگێڕنەوە و وێنای بکەن هەربۆیەش ناچارین ئاوڕ لە زانستی کۆنەناسی بدەینەوە. **دووهەم** بۆچی مێژووی کەونی فەرهەنگە جیاوازەکان بۆتە کارێکی ستاندارد کە بەردەوام مرۆڤ لەسەریان دەنووسن، بۆ وێنە، یۆنانییەکان لەسەر کێلتەکان، یا ڕۆمییەکان لەسەر گێرمانەکان - بەڵام گێرمان و کێلتەکان هەرگیز لەسەر مێژووی خۆیان نەنووسیوە یاخود زۆر کەمیان نووسیوە. ئەوکاتەی نەتەوەکان لێهاتوویی نووسینی مێژووییان وەدەست هێنا مێژووی کەونیان کۆتایی پێهات. لە ناوچەی

دەریای ناوەڕاست ئەمە بۆ کولتووورە کۆنەکانی یۆنانی و ڕۆمییەکان دەگونجێت؛ بەڵام بە پێچەوانە لە بەشەکانیتری ئەورووپای ناوەڕاستدا مێژوونووسی پێش سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست هێشتا دەستپێناکات و تەنانەت لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا لەنێوان سەدەکانی یازدە و سێزدە تێناپەڕێ.

یۆهان یواکیم وینکلمان "Joachim Winckelmann" (١٧١٧-١٧٦٨) وەک دامەزرێنەری شوێنەوارناسییەکی زانستی سەیر دەکرێت کە لە پلەی یەکەمدا لە ڕوانگەیەکی مێژوویی هونەرەوە سەریهەڵداوە. وینکلمان دوای خوێندنی ئیلاهیات، مێژوو، پزیشکی، فیلۆلۆژیا و فەلسەفە، سەفەری کرد بۆ ئیتالیا، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی کەلوپەلی دێرین لە ڕۆم و پۆمپی، دواجاریش لەلایەن پاپا کلیمنت سێزدەهەمەوە "Clemens XIII" لە ساڵی ١٧٦٣ وەک سەرپەرشتیاری کەلوپەلە دێرینەکان دەستنیشانکرا. وینکلمان بەرزترین ئەرکی هونەری لە وێناکردنی جوانیدا دەبینی. ئەو فۆرمولی بەناوبانگی "سادەیی بەرز و گەورەیی بێدەنگ"ی داهێنا. هەروەها حەماسەتی ئەو بۆ پەیکەرە کۆنەکانی پاڵەوان و خوداوەندە نێرینەکان وەک لە نامە و دەستنووسەکانی دەردەکەوێ، دەربڕینێک بوو بۆ مەیلە هۆمۆئیرۆتیکەکان. ئەو لەسەر ئەو بۆچوونە بوو کاملبوونی

هونەری باڵا هی یۆنانییەکانە، هەروەک چۆن دیموکراسی یۆنانیشی باڵاتر لە دیسپۆتیزمی ڕۆمی دەبینی. وینکێلمان لە کاتی کارە توێژینەوەکانیدا زوو پێویستی بە نزیکبوونەوە لە کەلوپەلە دێرینەکان لە ڕێگەی هەڵکۆڵینی سیستماتیکەوە زانی و بۆیە داوای ئەم ڕێبازەی کردووە، بۆ نموونە بۆ شوێنی گرنگی دێرینی ئۆلۆمپی، کە شوێنەوارناسە ئەڵمانییەکان لە ڕاستیدا لە ساڵی ١٨٧٤ دەستیان بە کارکردن کرد و تا ئەمڕۆش بەردەوام چالاکن.

تەنیا چەند ساڵێک دوای وینکلمان، کریستیان یۆرگنسن تۆمسن "Christian Jürgensen Thomsen" (١٧٨٨-١٨٦٥)، پسپۆری شوێنەوارناس لە مۆزەخانەی نیشتمانی لە کۆپنهاگن، سیستەمی شوێنەوارە ناوخۆییەکانی بۆ سەردەمی بەرد، برۆنز و ئاسن دامەزراند – کە پێی دەگوترێت سیستەمی سێ قۆناغی. لەبەرئەوەی هونەری "گەورە" لە زێدی خۆی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕۆم و یۆنان بەهایەکی ئەوتۆی پێ نەدەدرا و گەلێك کەم بوو، بۆ یەکەمجار سەرنجی خۆی خستە سەر تەواوی میراتی کۆنی ڕابردوو، وەک کەرەستەی ڕۆژانە و ڕازانەوە(شتومەکی زێڕ و زێو) کە کەمتر سەرنجی بۆ ڕادەکێشرا. لە هەمان کاتدا کە تیۆری گەشەسەندنی چارلز داروین (١٨٠٩-١٨٨٢) بڵاوکرایەوە (لە ساڵی ١٨٥٨ەوە)، ئێسکی تایبەتی مرۆڤ لە ناوچەی

نیاندرتاڵ لە نزیک شاری دوسێلدۆرف "Düsseldorf"ی ئاڵمان (١٨٥٦) دۆزرایەوە. بەڵام تەنانەت ئەنترۆپۆلۆژیستێکی بەناوبانگی وەک ڕودۆڵف ڤیرچۆ" Rudolf Virchow" (١٨٢١-١٩٠٢) بوونی کۆنی ئەم پاشماوە مرۆڤانەی ڕەتکردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم ئێسکانە دەبێ هی مرۆڤێکی مۆدێرن بن کە ڕەنگە بەهۆی نەخۆشییەوە بارودۆخی لە ڕادەبەدەر تێکچووبێ. بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە، تەنیا بەهۆی ناوبانگێکی گەورەی وەك ڤیرچۆوە، توێژەران نەیاندەوێرا ئەم بڕیارە هەڵە بنەڕەتییە ڕاست بکەنەوە، بەڵام زۆری نەخایاند کە ڕاستییەکەی دەرکەوت.

## دۆزینەوە، تەوەرە گرنگەکان و مشتومڕی گەرموگوڕ

سەرەتای زۆرێک لە پشکنینە زانستیەکان پڕە لە هەڵە و سەرلێشێواوی. بەختەوەرانە، بواری شوێنەوارناسی زۆری نەخایاند توانی خۆی لە ژمارەیەک لەو گومان و دوودڵییانە ڕزگار بکات - بەڵام لە کۆتاییدا تەنیا بۆ ئەوەی زانستە نوێیەکان چەسپاو بکات. تەنانەت هاینریچ شلیمان "Heinrich Schliemann" (١٨٢٢-١٨٩٠) کە لە هەنبەر نووسینەکانی هۆمەر "Homer" سەری سووڕ مابوو، لە هەڵەدابوو کاتێک پێیوابوو ئەو گەنجینانەی کە لە ساڵی ١٨٧٢ لە ترۆیا "Troja" دۆزیویەتەوە، خەزێنەی شا پریامۆس "Priamos"ی ئەفسانەیی ترۆیانا بووە. بەڵام ئەگەر دادپەروەرانە سەیری بکەین، دەبێ بڵێین بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانیاریانەی لەو سەردەمانە لەبەردەستدا بوون، نەیدەتوانی بزانێت دۆزراوەکان نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ کۆنتر لەوەن کە ئەو مەزندەی کردبوو. لانیکەم شلیمان بەشدارییەکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی شێوازی گرافیکی هەبووە: ئەوە ئەو بوو کە بۆ یەکەمجار چین یاخود توێژە سەریەککەوتووەکانی نیشتەجێبووی سەردەمە جیاوازەکانی

لە ترۆی "Troy" ئاشکرا کرد.[1] هەروەها لە کۆتاییدا شلیمان شوێنەوارناسیی وەک "spade science" (زانستی بێڵ!) قەبوڵ کرد و بۆ بەدواداچوون بۆ ڕێبازێکی گشتگیر کە تێیدا هەموو پاشماوە دۆزراوەکان دەبوو بەشداری تێدا بکەن، لە بنیاتنانەوەی ڕابردوو - ڕوانگەیەکی مۆدێرن و گەورەی خوڵقاند.



سەرەڕای کۆمەڵێک هەڵە، هاینریـچ شلیمان کاریگەری پێشەنگانەی هەبوو بۆ هەڵکەندنەکانی لە ترۆی و "Mykene" [لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠ پێش زایین شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست لە سەدەی

[1] شاری ترۆیا دەکەوێتە ناوچەی ترۆئاس لە باکووری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەی ئێستا تورکیای ناو لێنراوە.

چوارەمی پێش زایین دارما. (Mykene)یەکێک بوو لە گرنگترین شارەکانی یۆنان لە سەردەمی پێش کلاسیکدا، کولتوری میسین بە ناوی ئەوەوە ناونرا .شارەکە لەسەر گردێک بوو لە باکووری دەشتی ئارگۆس] لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەم وێنە ڕەنگاوڕەنگە نیشان دەدات کە لە کاتی هەڵکۆڵینەکانی ساڵی ١٨٨٢ لە ترۆیا سەیری بەرەو ژێر پێکهاتەکانی دەروازەی باشووری ڕۆژهەڵات دەکات.

شوێنەوارناسی هەمیشە لەسەر مشتومڕی بەردەوامی توێژینەوەکان گەشەی کردووە و هەندێکیان مێشکی خەڵکیان وە جووڵە خستووە. یەکێک لە جێگرەکانی شلیمان وەک هەڵکەن و پشکێنەری ترۆی - مانفرێد کۆرفمان "Manfred Korfmann" (١٩٤٢-٢٠٠٥) بووە کە لە تەمەنی زۆر گەنجیدا کۆچی دوایی کرد – بەڵام بۆ ماوەی چەند ساڵێک زۆر لە نزیکەوە ئەرکی خۆی بە باشی بەرێوە بردووە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی وەک بەڵگەی شارۆچکەیەکی نوقمبووی سەردەمی برۆنز بە بەرفراوانی لێکدەداتەوە. لەسەر گردی هیسارلیک "Hissarlik"[٢] لێکۆڵینەوەی کرد چونکە شلیمان نەك تەواوی ناوچەی ترۆی، بەڵکو قەڵا و ناوەندەکەی بە گشتی پشکنیوە،

[٢] هیسارلیک شوێنەواریی گردی قەڵای ترۆی تورکیایە لە ڕۆژئاوای تەڤفیکییە لە پارێزگای چاناکاڵە.

ئەمەش لە بنەڕەتدا ڕوانگەی سەبارەت بە ترۆی گۆڕی. هەرچەندە ئاماژەکانی گەشەپێدانی بیناسازی لەم شارۆچکە نوقمبووەدا زۆر کەم بوون، بەڵام کۆرفمان ڕێگەی بە خۆی دا ڕازی بکرێت دەستبەجێ وێنەی ئاوەدانکردنەوە یاخود نۆژەنکردووی شارێکی سەردەمی برۆنز بڵاو بکاتەوە کە بە ئەرکێکی زۆرەوە هەمیسان نوێسازیی کراوە. ئەمەش مێژوونووسە کۆنەکانی وەک فرانک کۆلب "Frank Kolb"ی خستە سەر گۆڕەپانەکە، – لەبەر ئەوەی ئەو زانایانە بە سەرچاوەی نووسین و ڕاهێنانیان لەسەر زاراوەی بنەما تیۆرییەکان ڕاهاتبوون – ئامادە نەبوون بکەونە شوێن لێکدانەوەکانی کۆرفمان "Korfmann". دیارە لە داوێنی گردی قەڵای ترۆی شوێنێکی نیشتەجێبوون هەبوو و دۆزینەوەکان هیچ گومانێک لەوەدا ناهێڵنەوە. بەڵام کۆرفمان نەیتوانیبوو بەڵگەی قانعکەر بۆ لێکدانەوەی خۆی وەک شارێکی گەورە بخاتەڕوو. کەواتە ڕوون نییە ئەم شوێنەوارە دەرەکییە لە ڕاستیدا چەندە بەرفەراوان و پڕ لە حەشیمەت بووە و ئایا شایەنی ناوی "شار" بووە یان ڕەنگە تەنیا ناوچەیەکی بچووکی گوندنشین بووبێت کە چەند کێڵگەیەکی تێدابێت. مرۆڤ دەتوانێ لێرەوە ئەو ئەزموونە وەربگرێ کە ئەنجامەکانی هەڵکەندن هەمیشە دەبێ بە ورياييەوە لێکبدرێتەوە.

## زانستە سروشتییەکان جیهانبینی مرۆڤ دەگۆڕن

وێدەچێت مشتومڕەکانی شوێنەوارناسی تا ئەو کاتەی وێنە بەنرخەکان دەست بە کاڵبوونەوە دەکەن، زیاتر توند و چڕ دەبنەوە. بەڵام هەموو زانستێک لەسەر پێشکەوتن و پرسیارکردنی بەردەوام لەسەر دۆزراوە و بەڵگەکان گەشە دەکات. هێنانەکایەی شێوازی نوێ هەمیشە بۆ شوێنەوارناسی، بێ ئازار نەبووە وەک چۆن بۆ نموونە لە شێوازی ڕادیۆکاربۆن "Radiokarbon"دا بوو. تا ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم هەوڵ دەدرا مێژووی کولتوورەکانی پێش مێژوو بە تەواوی بە هاوتەریبکردنیان لەگەڵ میسر، میزۆپۆتامیا یان یۆنان دابنرێت، چونکە ئەم کولتووره پێشکەوتووانە پێشتر حیساباتی ساڵنامەیان زانیوە. ئەم لێکگرێدانە کە هەزاران کیلۆمتر لە یەکتر دوور بوون، بە دڵنیاییەوە هەمیشە زۆر جێی متمانە نەبوون. کاتێک ویلیارد لیبی "Willard Libby" لە ساڵی ١٩٦٠ خەڵاتی نۆبڵی کیمیای بەهۆی پەرەپێدانی شێوازی ڕادیۆکاربۆن وەرگرت، کەس گومانی ئەوەی نەدەکرد کە شوێنەوارناسی پێش مێژوو خەریکە ڕووبەڕووی یەکێک لە تاقیکردنەوە

سەرەکییەکانی مێژووی خۆی دەبێتەوە. بەهۆی تێکرووخانی "١٤C" ئایزۆتۆپێکی ڕادیۆئاکتیڤی واتە تیشکدەر لە کاربۆن، کە لە ڕێگەی میتابۆلیزمی ڕووەکەکان و لە ڕێگەی زنجیرە خۆراکی ئاژەڵان و مرۆڤەوە هەڵدەمژرێت - دەتوانرێت ماکەی ئۆرگانیک بە ووردی دیاری بکرێت. ئەو ئەنجامانەی بەم شێوەیە ئەزموون کرابوون، دواتر ڕوون کرانەوە کە زۆرێک لە کولتووورە سەرەتاییەکانی پێشوو گەلێك کۆنتر بوون لەوەی پێشتر بیریان لێدەکرایەوە و بەم شێوەیەش "جیهانبینییەکی" نوێیان گەڵاڵە کرد. لە ئەنجامدا شێوازی ڕادیۆکاربۆن بۆ دەیان ساڵ سەرسەختانە بەربەرکانی لەگەڵدا کرا و تەواوی "قوتابخانە زانستییەکان"ی دژی یەکتر هاندا. ئەمڕۆ ئیتر لەو سەردەمە تێپەڕیوین و هاوکاتیش بە سەرسوڕمان و تامەزرۆییەوە ئاوڕێک لە کاتی ئێستا دەدەینەوە. لایەنگریکردن لە شێوازی ڕادیۆکاربۆن کارێکی دروست بوو سەرەڕای ئەوەی شێوازەکە خۆی دەبوو گەلێك ڕاست و کامیل بکرێت. بەڵام باسە بێ نرخ و بێ بەرهەمەکان سەبارەت بەو، ئەو ساڵانەن کە ڕێگای بە پێشکەوتنی زانستی گرتووە.




دێندرۆکرۆنۆلۆژی "Dendrochronologie"

دێندرۆکرۆنۆلۆژی "Dendrochronologie" (پێوانەکردنێکی زنجیرەییە) و ئامرازێکی متمانەپێکراو بۆ دیاریکردنی مێژووی دارەکان لە ئێستاوە تا ڕابردووی دوور لە شوێنەوارناسیدا دابین دەکات. دەتوانن لە کۆنتێکستی دۆزینەوەی زۆر جیاوازەوە هاتبن، بەڵام تا ئەو ڕادەیەی پێوانی زنجیرەیی دارەکان پەیوەندییان تێدا پێکبێنێ، دیاریکردنی مێژوویان گونجاوتر دەبێتەوە.

بەختەوەرانە پەسندکردنیی شێوازی نوێ لە لایەن کۆنەناسانەوە هەمیشە ڕێزی لێدەگیرێ و کەڵکی لێوەردەگیرێ. بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردووەوە زانستە سروشتییەکان لە بنەڕەتدا گۆڕانکارییان بەسەر بواری شوێنەوارناسیدا هێناوە. بە دڵنیاییەوە زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین لە نێو زانستەکاندا، شوێنەوارناسی بە بەردەوامی

پێشکەوتنەکانی زانستە سروشتییەکان لە میتۆدەکانیدا جێگیر و جێبەجێی دەکات. دەستکەوتە زانستییەکان گەلێك زۆرن و لە کێشانەوەی وێنەیەکی زیندووتر لە ڕابردوو بەشدارییەکی بەرچاو دەکەن: بازنەی ئەستوربوونی دار یان دێندرۆکرۆنۆلۆژی - کە تێیدا تەمەنی شوێنەواری دارەکان بە یارمەتی ئەستووریی نێوتێرەکەیان دیاری دەکرێن - ئێستا ئەو توانایییەیان هەیە مێژووی دارەکانی ١٢ هەزار ساڵی ڕابردوو لەسەر دۆخی گونجاوی پاراستنیان بە ووردی دیاری بکات. شوێنەوارناسی ئاسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دامەزراوە. بەرهەمەکەشی ڕوونکردنەوەی فڕین بوو لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا. بە یارمەتی ئەوان ئەو پێکهاتانەی لە ژێر ڕووکاری زەویدا هەڵکەوتوون دەبینرێن، کە لە کاتی ڕۆیشتن بەسەریاندا نادیارن. لە لایەکیترەوە وێنەی زاتالیت یاخود ماهوارەیی کە لە شوێنەوارناسیشدا بەکاردێت، بەرهەمێکی سەردەمی شەڕی ساردە. سۆڤیەت و ئەمریکییەکان سەرەتا بە مەبەستی سیخۆری وێنەی یەکتریان دەگرت و وێنەی باقی جیهانیشیان تۆمار دەکرد، سپاس بۆ ئەو دوو هێزە لە هەمان کاتدا شوێنەوارە جیهانییەکانیان بەڵگەدار کرد. ئەمڕۆ دەتوانرێت وێنەی ماهوارەیی دەستکرد لە ئینتەرنێتەوە بە ڕوونی دابەزێنرێت و پێکهاتەکان بە ووردی تا مەودای نیو میتر دیاری بکات.

شێوازە جیاوازەکانی گەڕانی ژیۆفیزیکی ئاماژە بە دیوار، چاڵ یان شوێنی ناشتن دەکەن و لەمڕۆدا بەزەحمەت مرۆڤ دەتوانێ واز لەم لێکۆڵینەوە سەرەتاییانە بێنێ. شیکاریی و شێوازی فۆسفات ئەو شوێنانە دەخاتە ڕوو کە چلۆن مرۆڤ و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئاژەڵ تا ڕادەیەکی سەرووی مامناوەندی ڕێگەی خۆیان لەسەر زەوی دۆزیوەتەوە. ئەمەش ڕێگە دەدات شوێنی ئاژەڵداری و ناوچە کارایەکانیتر لە ناو شوێنی نیشتەجێی گوندەکاندا دەستنیشان بکرێن.

ئەنترۆپۆلۆژیای فیزیکی "Physische Anthropologie" باس لە گەشەکردنی مرۆڤ دەکات. بە هەمان شێوە شیکارییە مۆرفۆلۆژییەکان "morphologisch" - کە پەیوەندییان بە دەرکەوتنی دەرەکییەوە هەیە - هەروەها شیکاریی لەسەر نەخۆشییە کۆنەکان - دۆخی تەندروستی کەسێکی مردووی لەمێژینە - زانیاری وورد سەبارەت بە نەخۆشی و بریندداربوون، تایبەتمەندییە خۆراکییەکان یان بەدخۆراکی، هەروەها شێوازی ژیان لە سەردەمە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ڕوون دەکەنەوە. شیکاری ئایزۆتۆپ "Isotop" کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێژەی تێکڕووخانی توخمە تیشکدەرەکان لە جەستەی ئۆرگانیکدا بەکاردێت، ڕێگە دەدات دەرەنجامەکان سەبارەت بە جووڵەی مرۆڤ و ئاژەڵ لە

ماوەی ژیانیاندا دەربچێت. لە بەرامبەردا، زانستی ژێنتیکی "Paläogenetik" نەک هەر زانیاری سەبارەت بە پەیوەندییە خێزانییەکانی نێوان تاکەکان و یەکسانی گروپەکانی دانیشتووان ڕوون دەکاتەوە، بەڵکوو بە بەرزبوونەوەی ژمارەیەك لە نمونەکان ئێستا دەتوانرێت مێژوویەکی ڕاستەقینەی دانیشتووان تۆمار بکرێت کە یەکەم جووتیارانی هەزارەی شەشەمی پێش زایین، ١٠ بۆ ٧ هەزار ساڵ پێش زایین لە ئەوروپای ناوەڕاست لە دانیشتوانی ناوخۆییەکانی سەردەمی مێزۆلیتیکەوە "Mesolithikums" سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکوو هەر وەك مرۆڤ هەمیشە گومانی کردبوو، لەوانەیە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە کۆچیان کردبێت و لەم دوایانەدا بەهۆی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەکانی کۆنی ژێنتیکی ئەو گومانە پشتڕاست کراوەتەوە.

توێژەرانی بواری شوێنەوارناسی و شوێنەواری ڕووەکناسیی پاشماوەی ئاژەڵ و ڕووەک لە چوارچێوەی شوێنەوارناسیدا هەڵدەسەنگێنن. هەردوو دیسیپلینەکە نەک هەر لە ڕووی مێژووی ئابوورییەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە، بەڵکو ڕێگە بە ڕوونکردنەوەی دەرەنجامەکان دەدەن سەبارەت بە ڕووەک و بەو پێیەش کەشوهەوای سەردەمەکانی ڕابردوو. لە بەرامبەردا، "Archäometrie"

شێوازەکانی لێکۆڵینەوەی شیکاری ماکە و کانزاکان دابین دەکات کە بۆ شوێنەوارناسی کانگا و بەو پێیە بۆ پرسی دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ کولتووره سەرەتاییەکان زۆر گرنگن. خۆتان سەرپشك بن ئایا زانستێکیتری مرۆڤ هەیە بە ڕادەی زانستی سروشتی لە خزمەت مرۆڤ و ئاژەڵدا بێت!

بەڵام شوێنەوارناسی یارمەتی بوارەکانیتریش دەدات. بۆ نموونە، گۆڕانکارییە جیۆمۆرفۆلۆژیی "geomorphologische" کە کاریگەرییان لەسەر ڕووکاری زەوی هەیە، زۆرجار بە بەکارهێنانی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان مێژوویان دیاری دەکرێت. بۆ نموونە: قۆناغە تاکەکانی وشکبوونەوەی وردە وردەی دەریای ئارال لە ئاسیای ناوەڕاست دەتوانرێت بە یارمەتی شوێنەوارەکان تاڕادەیەک بە وردی جێگیر بکرێت. شتی سەرسوڕهێنەر ئەوەیە: وشکبوونەوەی کارەساتی دەریای ئارال تەنیا دیاردەیەکی ئەمڕۆیی نییە، بەڵکو دیاردەیەکە کە پێشتر جارێک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕوویداوە، وەک ئێستا دەبینرێت ئەو ناوچانەی لەم دواییانەدا وشک بوون شوێنی سەدەکانی ناوەڕاست ئاشکرا دەکەن، کە لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوو لە ژێر ئاودا بوون.

## شوێنەوارناسی لە بواری ململانێی جیهانبینی جیاواز

بەڵام حەزت لێ بێ یان نا، شوێنەوارناسی زانستێکە بە دڵنیاییەوە ڕەهەندی سیاسیی خۆیشی هەیە. کاتێک ڕژێمە تۆتالیتارییەکان کەڵک لە شوێنەوار وەردەگرن بۆ ئەوەی پاساوی بەرواڵەت مێژوویی بە ئامانجە نادادپەروەرەکانیان بدەن، ئەوە ئیتر جێگەی نیگەرانی دەبێت. بە تایبەت ئەو چالاکییە بەناوبانگە بوو کە گوستاف کۆسینا " Gustaf Kossinna" (١٨٥٨-١٩٣١)ی ئاڵمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا وەک پێشەنگی تێگەیشتنێکی ناسیۆنالیستی لە زانستدا گێڕای. ئەو گریمانەی کردبوو وڵات، مرۆڤ، زمان و کولتوری ماتریالی هاوئاهەنگ و تەواوکەری یەکترن، بەڵام بە پێچەوانەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تەنانەت کولتوورێکی ماتریالی هاوسەنگ لە ناوچەیەکی دیاریکراودا نوێنەرایەتی گەلەکەی دەکات. بەو شێوەیە کۆسینا بناغەی ئەفسانەی گێرمانی "Germanenmythos" و دیاریکردنی خاکەکانی تا ڕۆژهەڵاتی باشووری ڕووسیا وەک ناوچەی نیشتەجێبوونی پێشووی گێرمانەکان دیاری کرد، کە دواتر پاساوێکی گوایە مێژوویی بۆ ڕژێمی نازی و شەڕە

تاوانکارییەکانی داگیرکردنیان دۆزییەوە. زۆربەی ئاڵمانییەکان، نوێنەرانی شوێنەوارناسی و لەم حاڵەتە تایبەتەدا شوێنەوارناسی ئەڵمانیش تاوانبار کران. کەم کەسایەتی سەربەخۆ هەبوون کە بە بێزارییەوە ئاوڕیان لێدابێتەوە.



گوستاڤ کۆسینا (١٨٥٨-١٩٣١) لە ساڵی ١٩٠٢ تا ١٩٢٧ وەک مامۆستای شوێنەوارناس لە زانکۆی بەرلین وانەبێژ بووە. ئەو ڕێگەی خۆشکرد بۆ ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستی ئاڵمانی.

لە زۆربەی وڵاتان شوێنەورناسی لە خزمەتکردنی ڕاستەوخۆی سیاسەتدا بووە، بەڵام ڕۆڵی سیاسی لە چوارچێوەی شوێنەوارناسی بێگومان دیاردەیەکی ئاڵمانی نەبوو. یەکێک لە خوێندکارە بەتواناکانی کۆسینا، جۆزێف کۆسترێڤسکی "Józef Kostrzewski"، پۆلەندی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەمان شێوازی بەکارهێنا بۆ ئەوەی نیشان بدات ئەو خاکانەی ئەڵمانییەکان لە نەتەوەی

پۆڵەنیان داگیرکردووە، لە سەردەمی بەردەوە پۆڵەندی بوون. تەنانەت سەدام حوسێنیش بە ئاماژەدان بە ڕابردووی شکۆمەندی "Nebukadnezar" شای بابلیەکان کە حەزی دەکرد خۆی لەگەڵیدا بەراورد بکات، پاساوی بۆ ڕەوایەتی بە داگیرکردنی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠ هێناوە. بەردەوام میکانیزمی هاوچەشن بە پاساوهێنانەوەی مێژوویی لە دیکتاتۆریەتەکاندا بەکاردەهێنرێن.

ئەمڕۆ لە عێراقێکی دارماودا، خۆگرێدان بە ڕابردووی گەورەی کولتوورە پێشکەوتووەکانی میزۆپۆتامیاوە تاکە هۆکارە ئەو دەوڵەتە نایەکسانە لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینییەوە بەیەکەوە ڕاگرێ. دووبارە و سێبارە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچە دوور و قەیراناوییەکانی جیهان بە تایبەت شانازی بە دەستکەوتەکانی شارستانیەت لە ڕابردوویاندا دەکەن. دۆزینەوە شوێنەوارناسییە سەرنجڕاکێشەکان بۆ تامەزرۆیی نێونەتەوەیی تەنانەت ڕووناکی دەخەنە سەر ناوچە زۆر دوورەکانیش. شوێنەوارناسی دەتوانێت لە ئەزموونە درێژخایەنەکانی ڕابردوو کەڵک وەربگرێت بۆ دارشتنی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگاکان، بەتایبەت لە دیالۆگ لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا. یەکگرتوویی پێکهاتەیی شوێنەوارناسی لەگەڵ

سیاسەت و بازرگانیدا دەتوانێ بەشدارییەکی زۆر کۆنکرێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستادا پێشکەش بکات.

بۆ نموونە لە یەمەن، تا چەند ساڵێک لەمەوبەر، لەو ناوچانەی ئاسۆیەکی کەمیان بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانیان پێشکەش بە دانیشتووان دەکرد و هیوایەکی کەمیان بە داهاتوویەکی شایان بۆ ژیان هەبوو و ناوچەکە ببووە شوێنێکی گونجاو بۆ پەروەردەکردنی ئیسلامیستەکان، شوێنەوارناسە ئەڵمانییەکان هەڵکۆڵینەکانیان بەکاردەهێنا بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریی پێکهاتەیی بەرچاو لەو ناوچانە و بە شێوەیەکی باش بووە هۆی ئەوەی خەڵک بتوانن ڕوانگەی خۆیان دەربڕن. ژێرخانێکی گەشتیاری دروست بوو کە لەناکاو ژمارەیەکی زۆر دەرفەتی کاریی بۆ خەڵکی ناوچەکە دروستکرد - لە چاودێریکردنی وێرانەکانەوە تا دوکان و هۆتێل و چێشتخانەکان. لە ئەنجامدا ژمارێکی زۆر قوتابخانە و نەخۆشخانە دروستکرا؛ لە کۆتاییدا، داهاتوویەکی کەم لە یەکێک لە هەژارترین و کەم گەشەسەندووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریهەڵدا. ئەوە ماوەیەک لەمەوبەر بوو. ئەمڕۆ ئەو شوێنەوارناسە بیانییانەی بیانەوێت لەو ناوچانە بمێننەوە، ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە.

سەرەڕای ئەوەش، لە هەموو کاتێک ڕوونترە کە شوێنەوارناسی تەنیا زانستێکی سەرنجڕاکێشی نێودەوڵەتی و نێوان زانستەکانە کە بە شێوەیەکی وروووژێنەر نهێنییە گەورەکانی ڕابردوومان چارەسەر دەکات. هەروەها شوێنەوارناسی ڕەهەندێکی گەورەی سیاسەتی کولتووری و گەشەپێدانی بەدەستهێناوە، کە دەتوانێ گۆڕانکاری پێکهاتەیی گرنگ بهێنێتە ئاراوە. زانستەکە دەرگا دەکاتەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە سیاسەتمەداران تێیدا بێدەنگن. هەندێ جاریش تێکەڵێکە لە کەسایەتی زەق دەوڵەتی و ترسی بەرکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی کولتوورەکانی دیکە کە لەلایەن بازنەی بەرژەوەندیخوازەوە بەخێو دەکرێن، یان دوای ڕووداوێکی سیاسی هاوکاری لە بواری شوێنەوارناسیدا گەلێك قورس و ناخۆش دەکەن. بۆ نموونە کاتێکی زۆری خایاند تا شوێنەوارناسانی ئەڵمانی، دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ توانیان لە ساڵی ٢٠٠٠دا دیسانەوە لەگەڵ هاوکارە ئێرانیەکانیان پڕۆژەیەکی هاوبەش بۆ پشکنینی ئەو ناوچانە دەستپێبکەنەوە. بەڵام دیپلۆماسی و تاکتیکی هاوبەش لەم بابەتەدا بۆ ڕازیکردنی هەر دوو لایەن سوودی هەبوو، چونکە لە کۆتاییدا هەردوولا قەناعەتیان پێکرا کە ڕێگایەکی ڕاستیان هەڵبژاردووە. شوێنەوارناسی کلیلێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە یەکتر، چونکە مرۆڤ پێکەوە کاردەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە

سەردەمە مێژوویەکانی پێشووتر بۆ ئەوەی لە میراتی کۆن و مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی تێبگەن - ئەو سەردەمانەی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بارگرانییان لەسەر شان نییە یان بەزەحمەت لەسەریانە. کاتێ مرۆڤ پێکەوە هاوکاریی دەکەن، دەتوانرێ بە شێوەیەکی دوور لە باوەڕ پەیوەندی دروست بکات. جگە لەوەش مرۆڤ لە ناوەندی شوێنەوارناسیدا وەستاوە و بەردەوام چالاك بووە. ئەو دەیەوێ مێژووی هەزاران ساڵ لەمەوبەری مرۆڤایەتی زیندوو بکاتەوە و لە کارەکانیان تێبگات. شوێنەوارناسی دەیەوێ بە وردی ئەم تێڕوانینانە سەبارەت بە ڕابردووی خۆمان بگەیەنێتە خەڵکی ئەمڕۆ - لە دەروونی قووڵی ئەو قەناعەتەوە زانست سەبارەت بە کولتوورەکانی دیکە ڕێزگرتن و لێبوردەیی لەهەنبەر یەکتر بەرەوپێش دەبات. ئەوە ڕەهەندی ڕاستەقینەی مرۆڤە و لە هەمان کاتدا ئەرکی شوێنەوارناسی ئەمڕۆیە. سپاس بۆ زانستی شوێنەوارناسیی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا مەودای نێوان مرۆڤە جیاوازەکان کورت و نیزیکتر بۆتەوە.

## سەردەمی سەرەتایی مرۆڤ - لە گیاخۆرییەوە بۆ ڕاوی ئاژەڵ



### سەرەتای هەموو سەرەتاکان

ئێمەی مرۆڤ هێشتا پرسیاری سەرچاوەی پێکهاتنی خۆمان دەکەین. گرنگی بەوش نادەین ئایا ئێمە لە مەیمونەوە سەرچاوەمان گرتووە، یان نا. توێژینەوە ژێنیتیکییەکانی مۆدێرن لەم دواییانەدا ئەزمونێکی گرنگی لەسەر ئەم پرسیارە گردوکۆ کردووە. دەگوترێ ژێنۆم"Genom"ی مرۆڤی ئەمڕۆ و ژێنۆمی شامپانزە سەدا ۹۵ی وەك یەکە. ئایا ئەوە بەو مانایەیە مرۆڤ لە شامپانزەوە سەرچاوەی گرتووە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، بەڵام دۆزینەوەکە بەو مانایەیە کە دەبێ پێشینیانی هاوبەشیان بووبێت. کاتێک خۆمان بە مێژووی باوباپیرانی زۆر

سەرەتاییمانەوە خەریك بکەین، دەبێ هەمیشە ئاگاداری دوو ڕاستی بین: **یەکەم،** زۆرجار دۆزینەوەکانمان تەنیا لە چەند ئێسکێک پێکدێن کە بە شیکارییەکی زانستی وورد، ڕێگەمان پێدەدات چەشنایەتییە جیاوازەکانی مرۆڤی سەرەتایی جیا بکەینەوە و بتوانین دەرەنجامێکی بەرفراوان لەبارەی شوێنی نیشتەجێبوونیان، شێوازی ژیانیان و ڕێڕەوی گەشەکردنیان ڕوون بکەینەوە. **دووهەم:** نابێ سەرمان لێ بشێوێ ئەگەر دەربکەوێ کە گەشەسەندن چەند جارێک لە پەرەسەندنی مرۆڤدا دەستی پێکردۆتەوە و هەندێک هێڵی گەشەکردن دەشکێن و هەندێکیتریش بە شێوەیەکی کاتی، هاوتەریب وون دەبن. هەرکەسێ چاوەڕوانی کۆڵکەیەکی ڕێک و پێکی بنەماڵەی مرۆڤی مۆدێرن دەکات، دەبێ ئامادەبێت بە هەندێک سەرلێشێواوییەوە سەیری پێکهاتەیەک بکات کە زیاتر لە کۆڵکەی بنەماڵە دەچێت.




کۆلکەی بنەماڵە لە سەرەتاییترین هۆمینیدەکانەوە تا مرۆڤی مۆدێرن.

ئەوەی ئەمڕۆ دەتوانین بە دڵنیاییەوە بیڵێین ئەوەیە پێشینیانی مرۆڤ لە ئەفریقا بوون. کۆنترین باوباپیرانمان (ئەوانەی پێیان دەگوترێ هۆمینیدەکان) چەند ساڵێک لەمەوبەر لە دەریاچەی چاد "Tschad-Sees" لە باکووری ناوەڕاستی ئەفریقا دۆزراونەتەوە، هەرچەندە هەڵسەنگاندنەکە مشتومڕی لەسەرە. ئەم ئاسەوارانە تەمەنیان حەوت ملیۆن ساڵە. یەکێک لە باوباپیرانمان

بەناوی "Australopithecus afarensis" زیاتر لە سێ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە. تایبەتمەندییەکانی کە تا ئەمڕۆش لە پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤدا گەلێك گرنگە، بریتی بوون لە ڕۆیشتنی ڕاست، کەلەسەر و دەموچاوێکی تەسك و قەبارەی مێشکی بە شێوەیەکی بەرچاو گەورەتر لە مەیموون بووە. ئەویش توانیویە دەستی بە شێوەیەکی باشتر و ئازادتر بەکاربهێنێت و ببێتە ئەندامێکی لێک تێگەیشتن. ئوسترالۆپیتیکۆس "Australopithecus" جۆرێک لە "غەریزە"ی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا وێدەچێ وەک خزمێکی زۆر دووری ئێمە سەیر بکرێت. ئەو مرۆڤێکی گیاخۆر بووە، گیا وگژی دەخوارد و بۆ ئەو کارە پێویستی بە شەویلکەیەکی جوینی سەرنجڕاکێش بووە و ماسولکەکانی چەناگەی بەهێز بووە؛ هەروەها ئەمانە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر شێوەی سەری داناوە، کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ مرۆڤی مۆدێرنی ئەمڕۆیی هەبووە و جەستەی دەرەوەی زیاتر لە مەیمون چووە تا ئێمەی مرۆڤ.

## کۆنترین کەرەسە و ئامرازەکان

لەوکاتەوە مرۆڤ بوونی هەیە، دەستەبەرکردنی خۆراک یەکێک بووە لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی هەموو گەشەسەندنێکی کولتووری و بایۆلۆژی. لە کاتێکدا ئاوسترالۆپیتێکۆس "Australopithecus" (بە واتای وشەیی: مەیموونی باشوور) هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر خواردنی ڕووەك بوو، هۆمۆ هابیلیس "Homo habilis" (مرۆڤی بەتوانا) دەستی کرد بە دابینکردنی پرۆتینی زیاتر بۆ جەستەی. بێگومان ئەم کارەش لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەرماوەی ئاژەڵە دڕەندەکان تێنەپەڕی. بەڵام تەنانەت ئەو هەنگاوەش کە نزیکەی ٢،٧ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر هەڵیهێنابۆوە، چەند ئەرکی گرنگی بۆ خستە بەردەم: چۆن دەتوانرا ئەو پارچە گۆشتانە - کە ڕەنگە تامێکی ئەوتۆشیان نەبووبێ، بەڵام لانیکەم بۆ خواردن گونجاو بوون - لە جەستەی ئاژەڵە مردووەکان دەربهێنرێت؟ شەویلکەی هۆمۆ هابیلیس بە پێچەوانەی شەویلکەی ئاژەڵە دڕەندەکان، ئەوەندە بەهێز نەبوو بتوانن گۆشتی خاو لە لەشی ئاژەڵە مردووەکان جیاکەنەوە. بەڕێکەوت نییە بەرهەمهێنانی کۆنترین ئامێری بەردین کە بۆ

ئەم مەبەستە بەکار هێنراوە، ڕێک دوای گواستنەوەی لە خواردنی ڕووەکیی واتە ڤێگتارییەوە بۆ خواردنی گۆشتی ئاژەڵ دەستی پێکردووە. ئەم ئامێرانە لە دۆڵی ئۆلدووای "Olduwai" لە تانزانیا دۆزراونەتەوە.

بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم ئامێرە ساکارە سەرەتاییانە ئەوە نیشان دەدەن خوڵقێنەرانیان نەک هەر توانیویانە کێشەکان بناسن، بەڵکو لە ڕێگەی بیرکردنەوە و کردارێکی ئامانجدارەوە چارەسەریشی بۆ بدۆزنەوە. دیارە لە سروشتی ئاژەڵانیشەوە دەزانین زۆرجار لەو شتانەی لە سروشتدا هەن وەک ئامێرێک بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانج کەڵکی لێوەردەگیرێ، بۆ نموونە شامپانزەکان بە یارمەتی بەرد،گوێز دەشکێنن. بەڵام جیاوازیی چارەنووسساز ئەوەیە مرۆڤە سەرەتاییەکان نەک هەر ئەو شتانەیان بەکارهێناوە کە لە سروشتدا دۆزیویانەتەوە، بەڵکو بە تایبەتی شێوە و تایبەتمەندیەکانیان گۆڕیوە و بیچمێکی نوێیان لێ دروستکردووە بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەکاریان بهێنن.



لەگەڵ ئەم هۆمینیدانەدا "Hominiden" کە زیاتر لە ٢،٧ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ئامێری سەرەتاییان بەرهەمهێناوە، مرۆڤ بۆ یەکەمجار بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاژەڵانی دەوروبەری وەک بوونەوەرێکی بیرکەرەوە و ژیر دەرکەوتوون – هەنگاوێکی گرنگی یەکلاکەرەوە بەرەو مرۆڤبوون بەرێوەچوو. ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی هاندەرانە بیخەینە ڕوو، دەتوانین بڵێین لەم خاڵەوە ئیتر مێژووی مرۆڤایەتی تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ باشترکردنی بەردەوامی خوڵقاندنی کەرەسە و کاری دەستی، خۆی ساغ کردۆتەوە: تێکنیکە نوێیەکانی پرۆسێسکردنی بەرد بووە هۆی ئەوەی لێوارەکانی تیژتر بکرێن و لە ماوەی هەزاران سەدەدا، توانرا ئامێری بەکارهێنەری زیاتر بە کوالیتی بەرزتر لە ماکەی خاو و نەرم دروست بکرێت - وەک ئێسک، شاخ و دارو ماکەکانیتر. ئەم لێهاتووییە لە بەرامبەردا دواتر بەهۆی توانایی دەرهێنان و پرۆسێسکردنی کانزاکانەوە هەمیسان زیاترکرایەوە و لە سەدەی ڕابردووەوە زیاتر لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی پلاستیک و بەکارهێنانی ماکەی تەواو جیاوازەوە ماکە و بەرهەمی نوێ خوڵقێندراوە.

بەڵام پێشکەوتنی بەرچاو لە بەرهەمهێنانی ئامێر و کەرەسەکاندا ئاوتۆماتیك نەبوو، چونکە ئەو کارە پێویستی بە کوالیتی باشترکردنی توانایی پلاندانان هەبوو، کە بەبێ لێهاتوویی مێشکی مرۆڤ نەدەکرا بوونی هەبێت. گەشەسەندنێکی لەو شێوەیە تەنیا دەتوانرێت بۆ هۆمۆ ئێرێکتۆس "Homo erectus" (مرۆڤی سەر دوو قاچ) و هۆمۆ ئێرگاستێر"Homo ergaster" (مرۆڤی کرێکار) لە نێوان ٢ ملیۆن بۆ ٣٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر بەرێوەچووبێت، کە هەردووکیان ڕەوتی

گۆڕانکاری کۆتاییيان لە مرۆڤی کۆکەرەوە و ڕاوچی تێپەڕ کردوە. ئەنجامەکەی خواردنێکی کوالیتی بەرزتر بوو، کە بە ڕادەیەکی زۆر گۆشتی تازەی لەخۆگرتبوو. بەرزبوونەوەی وەرگرتنی چەوری و پرۆتین و فوسفۆر لە ئەنجامدا بووە هۆی گەشەیەکی بەرچاوی زیاتری مێشکی مرۆڤ، کە ئەزموونەکەشی بووە هۆی پەرەپێدانی چەک و ستراتیژی ڕاوکردن بە شێوەیەکی بەرچاو و کاریگەرتر، هەروەها ڕاوکردنی سەرکەوتووانە. ئەو ڕەوتە بوو بە کارێکی زۆر تایبەتمەند، وەک ڕاوکردنی گاڕانێك لە ئاژەڵە کێوییەکان و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕاگرتنیان لە شوێنە دیاریکراوەکان. ئەم شێوە سەرکەوتنانەی ڕاوکردن بووە هۆی ئەوەی کێوێك لە گۆشت بەرهەم بهێنرێت، کە تەنیا ئەو کات مانای هەبوو، گۆشتەکە بتوانرێت لە خراپ بوون بپارێزرێت، جا بە وشککردنی یان کوڵاندنی. جگە لەوەش نەک هەر گۆشتی ئاژەڵەکان دەخورا، بەڵکو ئێسکەکانیان دەشکاندن بۆ ئەوەی بتوانن دەستیان بە مۆخی ناو ئێسکەکانیش ڕابگات. ڕیشاڵ و پێست و پەڕو پەشمی ئاژەڵەکان دەکرانە جل و بەرگ یان بۆ داپۆشینی شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی کەڵکیان لێوەردەگیرا. دەردەکەوێت توانای بیرکردنەوەی بەرزتری گەشەسەندووی هۆمۆ ئیرێکتوس و فۆرمەکانی پەیوەندیدار بە مرۆڤە سەرەتاییەکان بووەتە هۆی داهێنانی سەرسوڕهێنەرتر.

درێژەی هەیە...